واشنتن داوایەك ئاراستەی پەكین دەكات

ئەمەریكا داوا لە چین دەكات، كە چەكدارە حووسییەكانی یەمەن هەرشەكانیان لە دەریای سوور بوەستێنن.

بە گوترەی هەواڵێكی ئاژانسی هەواڵی فرانس پرێس، بەرپرسێكی باڵا لە كۆشكی سپی رایگەیاندووە، ئەمەریكا داوای لە چین كردووە، لە ڕێگەی هەژموون و كاریگەرییەكانی خۆی، فشار بخاتە سەر ئێران، تاكو چەكدارە حووسییەكانی یەمەن هەرشەكانییان لە دەریای سوور بسەر كەشتییە بازرگانییەكان بوەستێنن.

ئەو بەرپرسەی كۆشكی سپی راشیگەیاندووە، پەكین پێمانی راگەیاندووە، لەگەڵ تاران ئەو پرسە تاووتوێ دەكات، بەڵام لە واقیعدا هەرشەكان بەردەوامن.

ئاماژەی بەوەشكردووە، ئەم داوایەی واشنتن لە ڕێگەی جەیك سڵیڤان راوێژكاری ئاسایشی نیشتمانی لە كۆشكی سپی ئاراستەی وانگ یی وەزیری دەرەوەی چین كراوە.